# بوخچەکەی مرییەم
# جگەلە شەرمەزاری چیدیمان پێدەبەخشێت؟

گێرانەوەی عاصی فرود

داڕشتنەوەی/ ئەنفالستان



هەقی خۆمانە ئێستا ئۆردوگای رزگاریو هەموو جیهانمان وەك تابلۆیەکی ڕەش بێتەپێش چاوکەتەنها سوخمەکەی مریەمی تێدا دەبریسکێتەوە، وێنەی ئەوکچەی لەسەرەوە دەیبینن حیکایەتێکە مرۆڤ دەخاتە بەردەمی دورێیانێکەوە یان ئەوەتا وەکو مرۆڤ بیردەکەیتەوە لەدژی ئەو کارەساتانە یان ئەوەتا لەمرۆڤایەتیت دەخاو وەك بوونەوەرێکی زارەترەك دادەنیشیت. مریەم لەدایکبوی سالّی (1965 )ەوئێستا دانیشتووی ناحیەی ڕزگاری (صمود)ە بەرلە پەلامارەکانی ئەنفالی سێ لەدێی تیلەکۆی سەربەناحیەی قادرکەرەم دادەنیشتن. چیرۆکی مریەم هەرتابلۆیەکی تەڵخی رۆژگاری ئەنفال نیە، بەڵکو پێماندەڵێت: دوای ئەنفالیش رۆژگارەکان هەرکارەساتن، هەناسە ساردەکانی مرییەم ئەو ئۆردوگا گەرمەسێرەی رزگار تەزاندووە، کچێك هەموو بیرەوەریەکانی دەستگیرانداری خۆی لەبوخچەیەکی بوکینیدا کۆدەکاتەوە، ئەو بوخچەیەی کە ئەنفال نەیهێشت بکرێتەوەو دواتریش مەحاڵە بکرێتەوە.

کچەگەرمیانیەك کەئەنفال سەرلەبەری ژیانی کردە دۆزەخ، دۆزەخێك لەم سەرزەمینەی ئینسان بەرێوەی دەباو ئاگرە ئەفسوناویەکەی خۆش دەکات. دۆزەخێك کە راپەڕینو دامەزراندنی حکومەتی کوردیش نەیانتوانی، یان نەیانویست بیگۆڕنو هەناسەیەکی پێببەخشنەوە.. نەیان پەرژا مریەم لەمرۆڤێکی دڵشکاوی دوای ئەنفالەوە بگۆڕنە سەرمرۆڤێکی ئاسایی، کاتێك بەویژدانەوە لەچیرۆکی مریەمو دەستگیرانە ئەنفالکراوەکەی رادەمێنین، دەتوانین لەوە تێبگەین، کەوا ئینسانیەت چەندە لەبەردەمی هەڕەشەدایە..دروشمەکان چەندە لەدەروازەی دۆراندا شەرمدایگرتوون..کەلەوێنەی ئەو کچە قەیرەیەی ئۆردوگای رزگاری ورد دەبینەوە دەزانین کەوا ئەنفال هەرگوندی نەڕوخاند، بەڵکو لەگەڵ روخاندنی هەرخانوویەکداخیزانێکیشی شوینبزرکرد، پاساریەکانی بێ هێلانەکرد، هەزاران عەشقودڵداری لەبین برد، لەولاشەوە سەدان ئەنفالچیومرۆڤی تاوانباری تورڕدایە ناوکۆمەلگەی کوردییەوەوئێستاش بوونەتە رەزاگرانترین بوونەروەرو بەتەنیشتمانەوە دەژین.

مریەم هێشتا مانگێك بوو کەوا لە کوڕە مامێکی خۆی مارە برابوو، پیشتریش ئەوان دڵخوازی یەکتربوون، هێشتا

هەرمانگێکیان لەدەستگیرانداریو چاوەڕوانی مانگی هەنگوین بەسەربردبوو، کەوادەی ئەوە هاتە پێشەوە بچنەماڵی خۆیان باوکی دەچێتە کەرکوك بەنیازی ئەوەی جلی بوکێنی بۆ کچکەی بێنێتەوە کەماوەیەك پێشترکرادرابوونو لەشاری کەرکوك بەدوریندرابوون، هەتا ئەو ژنبەژنەی کردووەیەتی لەگەڵ برازاکەی مەیسەربێتوخۆی ووتەنی کاری خێرەوچاکترە زوو ببڕێتەوە.

بەم خەیاڵەوە باوکی مریەم دەچێتە شاری کەرکوك تاجلی بۆکینێ کچەکەی لەشاربهێنێتەوە، دوای ئەوەی جلەکان وەردەگرێتەوەو هەندێك کەلوپەلی پێداویست بۆماڵەوە دەکرێت دەمەوعەصرێك، سواری سەیارە دەبێتو لەکەرکوکەوە بەرەو گوندی تیلەکۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام بێئاگالەوەی ڕێگاگیراوەو حوکمی قەرەقوشی گەیشتووەتە مەملەکەت، کەدەگاتە سەیتەرەیەکی بەعسیەکانی ناوچەکەی خۆیان لەلای قادرکەرەم ڕێگەی نادەن بێتەوە بۆ تیلەکۆ، چونکە ئەو سەروەختە تازە بریارە دۆزەخیەکەی نوسینگەی باکوردەردەچێت کەلەگوندەوە بۆ شارولەشاریشەوە بۆگوند هاتوچۆ قەدەغەدەکات، ئیدی باوای مریەم ئەمە بەکۆستێك دەزانێ ئەو ڕۆژە زۆرلە سەربازەکانی ئەوبازگەیە دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕێگەی بدەنو برواتەوە بۆ گوندەکەی خۆی ـ بەڵام ئەم پاڕانەوەیە بێسوودبوو، ئیتزباوای مرییەم بەهەناسە ساردی دەگەرێتەوە بۆکەرکوكو دەچێتە ماڵی خانەخوێەکەیان، بۆبەیانی سەرلەنوێ دەگەرێتەوە بۆ بازگەکە، بەڵام ئەمجارەش بێسود دەبێ‌ودیسان ڕێگەی نادەنو دوبارە دەگەرێتەوە بۆکەرکوك، بەم شێوەیە بۆماوەی دە ڕۆژی ڕەبەق  هەموو بەیانیەك بەنیازی دڵنەرم بوونی سەربازەکان لە کەرکوکەوە دێتەوە بۆ سەیتەرەکەوهەوڵ دەدات ڕێگەی بدەن بگەرێتەوە بۆ تیلەکۆ، بەڵام ئەستەمە سەربازەکان بتوانن پێشێلی بریارەکەی عەلی کیمیاوی بکەن، بۆیە هەموو دەمەو عەسرێکی درەنگ بە نائومێدیو دڵشکاوییەوە دەگەرێتەوە بۆ کەرکوكو بۆ بەیانی دووبارە دێتەوە لای سەربازەکان، ئەم هاتوچۆیە دەبێتە پیشەی باوکی مریەم، لەکەرکوکەوە بۆ سەیتەرەکەولەسەیتەرەکەوە بۆکەرکوك، تاوای لێدێت ئەوەندە هاتووچۆ دەکات.. دەبێتە ناسیاوی عەسکەرەکان، ڕۆژێك لەو ڕۆژانە لەناو سەربازێکیان بەزەیی بەحاڵیدا دێتەوەو بانگی دەکاتەلاوەو پێی دەڵێت: ئەگەرمن لەسەرمەسئولیاتی خۆم ڕێگەت بدەم دەتوانی بەپێ بڕۆیتەوە بۆ گوندەکەی خۆتان؟ ئەویش دەڵیت بەڵێ ئینجا عەسکەرەکە پێی دەڵێت: لێرەوە لەپشتی بازگەکەوە ملی ڕێگابگرەو برۆ، بەڵام وریای کەمینی جاشو سەربازبە، چونکە ئەوێ ئێستا ناوچەی قەدەغەکراوە، بە خوا ئەگەر بتگرن ماڵی منیش بەتۆوە وێران دەکەن، بەم شێوەیەو بە بوخچەی بوکێنی (مرییەم)ەوە بەلارێیەکدا بە پشتی سەیتەرەکەدا ملی ڕێگای تیلەکۆ دەگرێتە بەر بەوخەیاڵەی ژن بۆ کورەکەی بگوازێتەوەو کچەکەشی بنێرێتە ماڵی خۆی.

**گەڕانەوەو ئافاتی ئەنفال:**

باوای مریەم بەهەر دەردیی سەریەك بوو خۆی گەیاندەوە لای کوروکچە دەستگیراندارەکەی بەڵام بەسەردڵە راوکێ‌و ترسی ئەنفالدا دەگاتەوە تیلەکۆ، خەڵکی گوند لەحاڵێکی خراپدابوون، ئیدی بوارێك بۆ زەماوەندی مریەمو دەستگیرانەکەی نامێنێتەوە، ئەمرۆ بۆسبەی زەماوەند دوادەکەوێت بەنیازی ئارامبوونەوەی ئەو ترس‌ودلە راوکێیەدا، بەڵام چاوەروانی لەبێچاوی ناخۆشترە، چاوەروانی لەسایەی بەعسیزمدا بۆ ئارامی جۆرە خۆخەڵەتاندنێکی بێدەسەڵاتانەبوو، ئیدی رۆژبەرۆژ هەواڵەکان گەرمترو ترس‌و هەڕەشەکانی بەعسیش زیاتر پەل بۆناوچەکە دەکوتن، ئیدی کات بەبەریەوە نامێنێ‌و ئەم ترس‌و لەرزەش چیدی هەفتەیەك نابات، کە پەلامارەکانی ئەنفالی سێ دەگاتە سەریان‌و وردەوردە بازنەی ئازادییەکان بەرتەسك دەبنەوەو لەیەکێك لەرۆژانی مانگی نیساندا شالاوی ئەنفال دەگاتە سەرگوندی تیلە کۆوئەنفال کارەساتەکە دەخولقێنێ.

ئیدی خەڵکی ناوچەکە دەکەونە بەرهێرشی جاش‌وجەیش‌و بەکۆمەڵ دەگیرێن‌و مەڕوماڵیاتیان بەتاڵان دەبرێن، بەرلەوەی هێرشەکان دەستپێبکەن مرییەم‌وخێزانەکەیان گوندی تیلەکۆیان بەجێهیشتبوو بەو نیازەی هەرماوەیەکەو لەوجەوەڵانەدا خۆیان دەشارنەوەو دەگەرێنەوە سەرماڵ‌وحاڵی خۆیان‌و دواتر زەماوەند دەکەن، بەڵام ئەمجارە خۆشارنەوە، دادی کەس نادات، ئەنفالەو کەس نابوێرێ چجای گەرمیانیەکی عاشق بێت‌و بیەوێ وەچە بخاتەوەو سبەی ببێتە پێشمەرگە؟! بەڵام مریەم ..لەوحەشری ئەنفالەدا وەك عاشقێکی بەوەفا بوخچەی بوکێنێکەی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت بۆجەولەکان وەکو هەر شتێکی پێویستی خۆی بردبووی. ئەو رۆژەی جاشەکان گەیشتنە ناوچەکەو بەتەواوی لێیان نزیکببونەوە دەبوایە

کوڕەگەنجەکان مشورێك لە حاڵی خۆیان بخۆن‌و نەکەونە چنگیان، ئەوکەلەگەڵ کوڕەمامەکەی هەمیشە دزەنیگایەکیان بۆ یەکتردەکرد تەنانەت لەکاتی دەستگیرانداریشیاندا لەودزەنیگایە زیاترنەبوو، ئیتر ئەنفال لێیاندەبێتە ملۆزم‌وئەونیگایەشیان لێدەکاتە ئەستەم.. سەرکردەکانی سوپاوجاش بێئەوەی لە تراژیدیاکانی بسڵەمێنەوە پەیمانی وێرانکاری بەهاکانی ژیان بۆ سەرۆکی فەرماندە نوێ دەکەنەوە، لەوقات‌وقریەدا وەکو هەموو کوڕانی گوند دەستگیرانەکەی مریەمیش تەنها فریای ماڵئاواییەکی شەرمنۆکانە کەوت..وەکو باوکی مرییەم دەڵێت:



"چاوم لیان بوو هەروا وەشەرمەوە لەبەرمن وەدزییەوە دەستێکی ماڵئاواییان بۆیەکتر بەرزکردەوە، ئیدی زاوا (برازاکەم) ڕۆیی‌و ئەنفال بردی‌وکچەکەم بەولەونە مایەوە ها لەبەرچاوتان".

ئێستا دوای 19ساڵ لەو ماڵئاواییە لەو ئەنفالە مانەوە بوخچەو بوك‌و چاوەڕوانی‌وخەمەکان.. ئەگەرچی مرییەم بەجەستە بەر شاڵاوەکە نەکەوت، بەڵام ڕۆحی ئەنفالکراوچارەنوسی بووە خەڵۆزی ناوکوانوی ئەنفال.. ئەو هەرنەبووە کچە قەیرەیەکی دڵشکاو..بەڵکو بووە مەزلومترین بوونەوەری ڕۆژگارەکانی دوای ئەنفال‌و سەروەختی دیموکراسیش، ئەنفال دڵی مریەمی بردو ئیدی کوڕەمامە دەستگیرانەکەی نەبینیەوە. ئێستا بوخچەی بوکێنییەکەی داستانێکە لەعەشق، ڕۆمانێکە لەمەزلومییەتی مرۆڤ، هەتا ئێستا ئەو بوخچەیەی بەنەکراوەیی لەئۆردوگای رزگاری ساڵانێکی درێژە هەڵگیراوە، دڵنیام بوخچەکەی مریەم هەر بەتەنها مایەی ریسوابوونی ئەنفال‌و ئەنفالچیەکان‌و رەفتاری بەعسیانە نیە، بەڵکو ئێستا شەرمەزاریە بۆ هەمووان، بۆ ئەو رێکخراوانەی بەناوی مافی مرۆڤەوە بەجوانترین ئۆتۆمبۆبیلەوە کەشخەیی دەکەن‌و مریەم‌و بوخچەکەی بەهەند ناگرن، بۆ ئەو دیموکراسیانەی هەموو ڕۆژێ درۆ لەگەڵ ژنان دەکەن، بۆ ئەو رێکخراوو کەسایەتیانەی بەسەرخەمەکانی ئەنفالەوە خەریکی مشەخۆرین، بۆ ئەو هونەرمەندانەی سوخمەو هەناسەکانی مرییەم نابێتە شاکارێکی واقعی، بۆ ئەو سیاسیانەی هەموو رۆژێ لەگەڵ ئەنفالچییەکان پێکهەڵدەدەن..کەس‌وکاری شەهیدەکان‌وئەنفالکراوەکان، ئەوپێشمەرگانەی دوێنێ بۆ ئازادی مرییەم سنگیان بە گوللەوە دەنابۆ هەموومان کە بەوناهەقیە قایلین‌وکەی ویستیان چەپڵەمان پێدەکوتن.

ئەو بوخچەیە هەرسوخمەو کراسی بوکێکی دڵشکاوی تیدا نیە، کە لەئۆردوگای رزگاری بێنازکەوتووە، بەڵکو وای بۆدەچم کەئەوە پێناسی مرۆڤ بوونمانە توڕدراوەو هەمووومان لە ئاستیدا یان بێخەم‌وشەرمەزارین.. ئەوبوخچەیە هەرخەمی مریەمی تێدا نیە، بەڵکو پریەتی لەتانەوچرنوکی بەعس‌و ئەنفال، پڕیەتی لەخیسەی بەعسیانەی خۆمان، پریەتی لە هەڕەشە لەعیشق‌و خۆشەویستی‌و لەژیان‌و لەکوردبوون‌ولەمرۆڤ بوونی ئێمە.

ئەگەرئێرە کۆمەڵگەی پیاوەگرگنەکان نەبووایە، ئەوهەموو کاتەمان بە فیرۆنەدەدا ئەوهەموو پارەوپولەیان بەقومارنەدەدۆراند، ئەگەروانەبووینایە لەوێنەی مرییممان دەروانی‌وغیرەتێکمان دەنواند کە دەبینین، لەیەکەمین رۆژی

ئەنفالەوە هەتا ئێستا مریەمی دڵشکاو بۆچرکە ساتێکیش لەبوخچەی بوکێنێکەی جیانەبووەتەوە.

**کۆڕەوو بوخچەکەی مریەم :**

لەکۆڕەوەکەی بەهاری 1991یشدا مریەم دەستی لە بوخچەکەی بەرنەبوو بەڵکو هەربەکۆڵییەوەبوو بەئومیدی ئەوەی ڕۆژێك کورە دڵخوازەکەی بکەوێتە بەرعافواتێكوبگەرێتەوەو پێکەوە زەماوەند بکەن.

مرییەم لەکۆڕەوەکەی ساڵی 1991دا لەکەس‌و کاری دادەبڕێ‌و بەگوللەیەکی سەربازەکانی بەعس دەپێکرێ‌و بریندارەدەبێ، بەڵام گوللە قودرەتای چیە بوخچەکەی لێجیادەکاتەوە؟! بەڵکو بەبرینداری‌وبەجەستەی زاماربوشەوە، دەستبەرداری نابێت‌و دابرانی خۆی‌و بوخچەکەی بووە مەسەلەیکی مەحاڵ، ئەوکچەی ئەنفال دەستگیرانەکەی بردوخۆشی چاوەڕوانی کوشتی.. هێشتا توند بوخچەی بوکێنیەکەی لە باوەش گرتووە، نەبادا قەدەرێك یان ئەنفالێکی دی بێت‌وئەمیشی لێی بفڕێنێ، تازە ئەوەی سەبوری مرییەمە هەر بوخچەکەیەتی‌و تەواو.

مرییەم بەجەستەی خوێناوییەوە دەگاتە ئێران، لەخێزانەکەیان دادەبڕێ‌و ماوەیەکی زۆر لەخەستەخانەکانی ئێران بە تەنیا، ڕۆژگارەکانی ئاوارەیی‌و برینداری‌و چاوەروانی بەسەربردبوو، کەچی دوای دوو مانگ لە نەخۆشخانەکانی تارانەوە دێتەوە بۆ کوردستان‌وبەخۆی و بوخچەکەیەوە لە ئۆردوگاکانی کوردستانی ئێران پەیدا بووەوە، مریەم‌و بوخچەکەی هەتا ئێستا دووچیرۆکی لێکدانەبراون‌ولە ئۆردوگای ڕزگاری نزیك شاری کەلارن.. لەو گەرمەسێرەدا دوخاڵی تەزیوون بە ناوچاوانی دەسەڵاتی کوردییەوە، سوخمە زەردەکەی تاکە ڕەنگی درەوشاوەی تابلۆی ڕەشی ئەنفالە. کراسەشینەکەکاڵەکەی هەموو ئەوانە بەدرۆ دەخاتەوە کە ئۆردوگای صمودیانناونا ڕزگاری..

**مرییەم هەرچاوەروانە:**

نەك بەعس هەموو دنیا بروخێ مرییەم  لەدڵەوە چاوەڕوانی دەسگیرانە ئەنفالکراوەکەی دەکات، بەڵکو ئەمە خوایە بێتەوەو زەماوەندبکەن. بەڵام ئەنفال‌و ڕۆژگاری دوای ئەنفالیش کەی هێندە ڕێزیان لەچاوەروانی مرۆڤ گرتووە؟ کەی هێندە مرۆڤیان بەلاوە مەبەست بووە؟!! تادەربەستی مرییەمی قەیرەو ڕۆح ئەنفالکراو، مریەمی هەناسە تەزیوو بێن؟ ئەنفالستان کواخەونی قوربانی تێدا دێتەدی؟ ئەوەی بریار دەدات هەرجەلادە.. تەنیا مەرجێك بۆ ژیان دۆران‌وتوڕدانی مرۆڤبوون‌و هەستە ئینسانیەکانە..واقعی دوای ئەنفال هێندە دڵرەق‌و نامۆیە بەمرۆڤو بەهاکانی، مەحاڵە ئومێدی مرییەمەکانی تێدا بێنەدی.

نامۆیی مرییەم لێوانە لەنهێنی هەستەکوژراوەکان.. ئەوکچەقەیرەیە ئێستاش دوودڵە کە دسگیرانەکەی ناگەڕێتەوە. وای لەدەردی کچانی دوای ئەنفال وای لەکۆستکەوتنی مرۆڤ.. وای لە دڕندەیی دووپێ!! ئێستا مرییەم هەرقەیرەکچێکی دڵشکاونی یە، بەڵکو پەککەوتەیەکی هەلا هەلایە، ئەو کە بەنیازبوو کەیبانوویەکی سرکی ماڵ‌ومێردی خۆی بێت، حاڵی حازر تەنها چاوی لەدستی دایکە بە ساڵاچوکەی بوو هەتاپڕژێت پارویەك نان‌و قومێك ئاوی بەدەمەوە بکات، کەچی ئەو ئومێدەشی چووە گۆڕەوەو دایکی بەرلەچەند مانگێك نەفرەتی لەو دنیایە کرد کە ئەنفالچییەکان تیایدا حاکمن. ئەویش ژیان‌وماڵی ساردووسڕی بەجێهێشت، ئەویش فیراقی ئەنفال‌وچاوەروانی کوڕەدەستگیرانداەرەکەی کوشتی، بەڵام بەرلەمردنی فریای ئەوقسەیە کەوت بڵێت:



**(ئەوەی کوڕەکانمی ئەنفالکرد، ئێستا کوڕەکەی حاکمی ئەم شارەیە)**([1]) بەر لەمەرگی دایکی مریەمیش جەڵتە لێیدابوو بەڵام فریای دووقسەکەوت" دوا وەسێتی مرییەم مەسەلەیەکی رۆحییەو هیچی دی.. ئەو بەو جەڵتەیە ئەندامەکانی جەستەشی لەدەستداو..لەکچە قەیرەیەکی دڵشکاوەوە بووە کەم ئەندامێکی هەمیشەیی بەرلەوەی جەڵتەوەك ئەنفالێکی دی پەلاماری رۆحو جەستەی بداو زمانی لەگۆ بخات، فریای ئەوە کەوتبوو بڵێت.. "دەخیلتانبم چیدی بوخچەکەم نەکرێتەوە، بەڵکو ئەو رۆژەی ماڵئاوایی یەکجاری لەم ئەنفالستانە دەکات، لەگەڵ تەرمەکەیدا بوخچەکەشی بخەنە گۆڕەوە" نەبادا دوای ئەم بکەوێتە دەست تالانچیەکان، نەبادا ئەنفالێکی تر ببێتەوەو ئەنفالچیەکان کراس‌وسوخمەکەی لە بوخچەی بوکێنیەکەی دەربهێنن‌و بەتالان ببەن ژنەکانی خۆیانیان پێگوناهبارکەن. تکایە باژنی تاوانباران گوناه بارنەبن ئەوان بێبەرین لەتاوان‌و دزی‌وفزییان، ئێمە دایکین..سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤین، کەی تالانچی بووین؟!.. کەی ئەنفالچی بووین.؟!

تێبینی:

لەگەشتی ئەمجارەی ئەنفالستانداوله سەردانێکمدا بۆشاری کفری برای بەرێزم کاك عاسی فرود لە رێکخراوی وادی ئەڵانی وێنەی مرییەم‌و بوخچەکەی پیشاندام‌و ئینجا بەدڵتەنگی یەوە چیرۆکی مرییەم‌و بووخچەکەی بۆ گێرامەوە.

---

[1] **ئەو ووتەیەی دایکی مریەم لە پێشانگایەکی فۆتۆگرافی هاوریم پشکۆمحەمەد رۆستەمدا کە بۆ پیشاندانی ژیانی گرانی کەس‌وکاری ئەنفال کردبوویەوە نمایش کرابوو،کەچی لەو نمایشەدا خزمانی حاکمی شار دراندبوویان.**